بەشی شەشەم (6) ی ساڵی 2007

د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان & پسپۆری پزیشکی گشتی و پزیشکی بەشی خۆپاراستن – ستۆکهۆڵم .

# شێرپەنجەی پرۆستات

شێرپەنجەکە بە ڕێژەی جیاواز لە دنیادا بلاوبۆتەوە . لە 25٪ ی شێرپەنجە خراپەکان دەگرێتەوە ، ئاسایی ترین جۆری شێرپەنجەی پیاوە ، لە هەندێك وڵاتدا هۆی سەرەکی مردنە . لەم 20 ساڵانەی دوواییدا ڕێژەی شێرپەنجەکە گەلێك بەرزبۆتەوە . لە ساڵی 2020 دا ژمارەی ئەو کەسانەی بەم شێرپەنجەیە لە ئەوروپادا دەمرن ساڵانە لە نێوان 80–120 هەزار مرۆڤدایە . لەم بارەدا خانەیەکی گلاندەکە دەست بە دابەشبوون دەکات و ئیتر کۆنترۆلی دابەشکردنەکەی بۆ ناکرێت و ژمارەیەکی زۆر خانە دروست دەبێت کە پاشتر گرمۆڵە دەبێت و وەك پێکهاتەیەکی تایبەتی دەردەکەوێت و هێدی هێدی گەورە دەبێت .

بەرپرسانی تەندروستی سوێدی پلانێکیان داناوە کە دەیانەوێت چۆن ساڵانە ژنان بە ماموگرافی کۆنترۆلی مەمکیان بۆ دەکرێت بەمەبەستی دڵنیابوون لە شێرپەنجەی مەمك ئاواش دەبێت ساڵانە تێستی(Prostata Specific Antigen, PSA) بۆ پیاوان بکرێت بۆ ئەوەی باش کۆنترۆلی نەخۆشەکان بکرێت ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە چارەسەرکردن نییە ئەوا پێویستە ناکات دەرمانیان بدرێتێ (4) .

## هۆکان

لە 9٪ ی بارەکاندا نەخۆشییەکە بۆماوەیە ، ئەو کاتە پێش تەمەنی 60 ساڵی دەردەکەوێت . گەر مرۆڤێك 3 خزمی باوك ، برا ، مام یان باپیری شێرپەنجەکەی تووش بووبێت ئەوا مەترسی تووشبوون 11 جاران بەرزترە وەك لە کەسانی دی . بۆ نمونە لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیادا و ڕەش پێستەکانی ئەمێریکادا دووجاران نەخۆشییەکە زێدەترە وەك لە سپی پێستەکان . دانیشتوانی ئاسیا کەمتر تووشی شێرپەنجەکە دەبن وەلێ ژاپۆنی کە ڕوودەکەنە لۆس ئەنجێلیس زێدەتر تووش دەبن و تەنانەت نەوەکانیان کە لەو وڵاتەدا ژیان بەسەردەبەن ڕێژەی تووشبوونیان بەرزترە وەك لەوانی دی . ئەم ڕاستیانە پاڵپشتی ئەو تیۆریانە دەکەن کە فاکتۆری ژینکە ، خۆراکخواردن کاردەکاتە سەر گۆڕانکاری شێرپەنجەکە .

## گلانی پرۆستات

ئەم گلاندە دەکەوێتە ژێر میزەڵدان و ئەم لاولای کەناڵی میزکردنەوە (ژێر کەناڵەکە) ، لەکاتی لە دایکبووندا گلاندەکە کەمێك گەورەیەو لە تەمەنی باڵقیدا زیاتر گەورە دەبێت تا دەگاتە ڕادەیەکی دیاری کراو (نزیکەی گوێزێك) . لە پیاوی تەمەندارادا گلاندەکە هێدی هێدی بچوك دەبێتەوە و پەستان دەخاتە سەر کەناڵی میزو سپێرم . کێشی گلاندی پرۆستات لە مرۆڤێکی ئاساییدا لە نێوان 20–25 گم دایە. ئەم گلاندە شلەیەکی شێوە شیری خەست دەردەکات کە پێکهێنەری سەرەکی تۆماوە (سپێرم) ، چارەسەرنەکردنی سووربونەوەکان و سۆکانی کەناڵی میزوسپێرم کاردەکاتە سەرهەوکردنی گلاندی پرۆستات. پاش تەمەنی 60 ساڵان لە 50٪ ی هۆی سەردانی پیاوان بۆ لای پزیشك دەگەڕێتەوە بۆ گیروگرفتی پرۆستات . لە کاتی گەورەبوونی پرۆستاتدا مرۆ هەست دەکات بە ناڕەحەتی میزدەکات . وا دەردەکەوێت کە گەورەبوونەکە پەستان دەخاتە سەر کەناڵی میزکردن و دەبێتە هۆی گچکەبوونەوەی تیرەی کەناڵەکە و ئەوسا میزیش بە ناڕەحەتی پیایدا تێ دەپەڕێت .




(سەرچاوەی ژ 6)

## نیشانەکان

ئەوەی راستی بێت لە سەرەتای نەخۆشییەکەدا نەخۆش هیچ نیشانەیەکی وای پێوە دیار نییە کە تووشی شێرپەنجە بووبێت . لە هەردوو بارەکەدا گەر شێرپەنجەکە باش بێت یان خراپ نەخۆش ئەم نیشانانەی هەس :

## شوێنی

– مرۆ تووشی گیروگرفتی میزکردن دەبێت ئەویش لە شێوەی پچڕ پچڕدا ، شەوانە میزکردن یان زوو زوو میزکردن .

– سەرەتا دەبێت مرۆ بنقێنێت یان زۆر لە خۆی بکات تا میز بکات ، پاشماوەی میزەکە دەچۆرێتەوە (پاش میز) و بێهێزە .

– هەستکردن کە میزەڵدان بەتاڵ نەبووەتەوە .

– لە کاتی رەحەتبوونی زایەندی دا مرۆ هەست بە ئازاردەکات .

– میز یان سپێرمی خوێناوی .

## گشتی

– ژانکردنی پەیکەری ئێسکی .

– ئاوسانی لیمفەکانی پوزوپا ، ناوگەڵ ، بە هۆی مێتاستاسەوە .

– مرۆ هەست دەکات نەخۆشە ، لەڕولاوازە ، ماندووە و ئیشتیهای خۆراکخواردنی نامێنێت .

## دەستنیشانکردن

– نیشانەکانی شوێنی نەخۆش ، تێروانینی و فەحسکردنی پزیشک .

– تێستی تاقیگایی میز وCreatinin ی نێو خوێن و تێستی (Prostata Specific Antigen, **PSA**) . ماددەیەکە وەك سپێنەی هێلکە وایە ، سروشتی لە نێوخانە هۆرمۆنییەکانی گلاندی پرۆستات دایە .

– پیاوێکی پرۆستات ساخ رێژەی **PSA** کەمە ، گەر رێژەکە بەرز ببێتەوە ئەوا وەك هێمایەك مرۆ ئاگاداردەکاتەوە کە پرۆستات گیروگرفتی هەیە .

– پزیشك پەنجەی دۆشاومژە دەخاتە کۆم (رێکە) ی نەخۆشەوە ئەوسا پزیشك هەست دەکاتە کە پرۆستاتەکان رەقن یان نەرم ، بە ئازارە بۆ نەخۆش یان نا .




(سەرچاوەی ژ 5)

– کۆنترۆڵکردنی نەخۆش بە سۆنۆگرافی یارمەتی دەری دەستنیشانکردنەکەیە .



(سۆنۆگرافی ، سەرچاوەی ژ 9)

– سەیرکردنی میزەڵدان بە هۆی پشکنینی میزەڵدان بینەوە (Cystoscopy) .

– وەرگرتنی نمونەی (Franzenbiopsy) .

## چارەسەرکردن

ئەوەی شایانی باسە پێش دەستکردن بە چارەسەرکردن پێویستە لەم بارانەی نەخۆش بکۆڵرێتەوە .

قۆناخی شێرپەنجەکە ، تەندروستی گشتی نەخۆش چۆنە باشە یان خراپ ؟ تەمەنی مرۆڤ .

– نەشتەرگەری (لابردنی شێرپەنجەکە) .

– چارەسەرکردن بە تیشك .

– چارەسەرکردن بە دەرمان (ئێندۆکرینی) .

هاوکات زۆر گرنگە بتوانرێت چارەسەری گیروگرفتی بێتوانایی زایەندی شێرپەنجەدار بکرێت .

## ئاڵۆزکارییەکان

– میزنەکردن ، – میزی خوێناوی ، – گیروگرفتی دەماری ، – کەمخوێنی .

## سەرچاوەکان


1. Cancer i siffror, Socialstyrelsen, Stockholm 2005.
2. www.infomedica.se © 051010
3. www.internetmedicin.se © 051009
4.www.dagensmedicin.se © 050505, 061116
5. Medicine illustrerad, Vol 1nr.4 Netherland 1984.
6.www.prostatan.se © 050901
7.www.praktiskmedicin.com ©
8.www.viss.nu. ©
9.www.dagensmedicin.se © 070329